ئەمڕۆ دەبێتە 113 ڕۆژ لە ڕفاندن و بەسەروشوێنکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لەلایەن ئاسایشەوە

ئەمڕۆ دەبێتە 113 ڕۆژ لە ڕفاندن و بەسەروشوێنکردنی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە، لە دژی ئەمەش زیاتر لە 215 ڕۆژنامەنووس، سیاسەتمەدار، کەسایەتیی و دەزگا و ڕێکخراوی جیاواز، کەمپەینەکیان بە ئازادیی ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ڕاگەیاند و داوای دەستبەجێ ئازادکردنی دەکەن.

ماوەی 113 ڕۆژە سلێمان مەحەمەد ئەحمەد، ڕۆژنامەنووس و هەواڵسازی ئاژانسی (ڕۆژنیوز) لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە، لە دەروازەی فیشخابوور بەبێ هیچ هەکارێک ڕفێندراوە و تا ئێستاش بەسەروشوێنە، لە پاش شەش ڕۆژ لە ڕفاندنی درێنگانی شەوی 30ـی مانگی تشرینی یەکەمی 2023، ئاسایشی دهۆک ڕاگەیاندراوەکی بڵاوکردەوە و دانی پێدا نا کە ئەو ڕۆژنامەنووسەی دەستگیرکردووە بە بیانووی کارکردن لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووسی ناوبراو تێیدا کاردەکات پێشتر ڕایگەیاند کە سەلامەتی سلێمان ئەحمەد لە ئێستەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە هەکاری دەستگیرکردنیەتی.